# گیانی پەروەردە کردن و بانگەوازی پەروەردەیی

## لە بیری مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود دا

**ناسیح مەجید**



پەروەردە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا، چونکە بێ پەروەردەکردن کامڵ بوون و پێگەیشتن هیچ مانایەکیان بۆ نییە، هەر لەبەرئەمەش بووە کە پێغەمبەری بەرزو بەڕێزمان محمدی کوڕی عەبدوللا (درودی خوای لەسەر بێت) ئەفەرموێت (اني بعثت معلما) من بۆ مامۆستایی کردن ڕەوانە کراوم، خۆ دیاریشە ئەوئەرکە گەورانەی کە ئیسلام هەمیشە داکۆکی لێ کردووە بریتی بووە لە بانگەوازو پەروەردەکردن، بەشێوەیەك کەچی تر ڕەشەباو گێژەلۆکەکان کاری لێ نەکەن و داری بەرداری پەروەردە کراو لە لەنگی بپارێزن، مامۆستای کۆچ کردوو بەر ڕەحمەتی خوای گەورە بکەوێ باش لە پیشەی پێغەمبەران (علیه السلام)و پەروەردەکاران گەیشتبوو،

### لەڕێگای چەمکە ئیسلامییەکانەوە لاوان و ڕۆشنبیرانی کوردی ئاشنا دەکرد بە پەروەردەی ڕەسەنی خۆیان

بۆیە ئەگەر سەیرێکی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی ئەم قارەمانەی مەیدانی پەروەردەو بانگەواز بکەین ئەوا دیمەنێکی پڕ سەیرو سەمەرەت بەرچاو دەکەوێت و گەورەیی ئەو پیاوەت بۆ دەردەکەوێت کە چۆن توانیویەتی چ لە ڕوانگەی نوسینەکانی و چ لە ڕوانگەی وتارەکانی و چ لە بواری هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیاوە مامەڵەی کردووە، مامۆستا ئەحمەد بەڕەحمەت بێت هەمیشە قەڵەمێکی بە برشت بووە لەم بوارەدا، با سەرەتا بە پێی ئەوەی پێمان گەیشتووە قۆناغ بەندییەك لە نوسینەکانیدا بکەین تا بزانین چۆن توانیویەتی لەگەڵ قۆناغ و شتە باوەکانی سەردەمی ژیانیدا لەم مەیدانەدا، ئەسپی خۆی تاو بدات.

**قۆناغی یەکەم** : کاتێك باو باوی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسییەتەو دروشمەکانی سۆشیالیستی لە برەوداو پێش ئەم قۆناغەش هەرچی مێشك و بیری لاوانە هەمووی بە ماددەی بێ هۆشکەری کۆمۆنیستیی و بیری سۆشیالیزمی و پرۆلیتاری پڕ کراون، ئەوەی ئەم هەست و نەستەی لا نەبووبێ و بە بیری سۆشیالیزمی بیری نەکردایەتەوە، بە کەسێکی ناڕۆشن و بیروبیر تاریك تەماشا دەکراو، دەخرایە خانەی دەرەبەگو دوژمن بەگەل . وێردی سەر زمان و بن زمان بریتی بوو لە سۆشیالیزمی زانستی و بیرکردنەوەی زانستی و خۆبەستنەوە بە فەلسەفەی زانستیی و گەلێك شتی ترو . دەرکەوتنی دەیان بیرو باوەڕی لاروخوار کە هەموویان دژایەتی کردن و بە دوژمن سەیرکردنی ئیسلامیان کردووەتە پیشەی خۆیان.

ئا لەم کات و ساتە ناوەختەو ئا لەو کاتە زۆر حەساس و نالەبارەدا مامۆستای تێکۆشەرو دڵسۆز بە نیشتیمان و نەتەوەکەی و بیر ڕووناك مۆمی زانستی و قۆناغ بەندی پەروەردەیی خۆی دەکاتە مەشخەڵان بۆ ڕۆشن کردنەوەی بیروهۆشی لاوان و دەرخستنی ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام و بۆ بەڕێخستنی کاروانی لاوانی مسوڵمان دێتە مەیدان و کۆمەڵێك نامیلکەو کتێبی جۆراو جۆر

وەك وەرگێڕان‌و نووسین پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی دەكات‌و مۆمی ڕۆشنبیری خۆی لەو شەوە زەنگەدا دادەگیرسێنیٚ‌و ڕۆحی پەروانە ئاسای دەیان‌و سەدان لاوی كوردزمان بۆ دەوری ئەو ڕووناكیە كەمەندكێش دەكات . مامۆستا ئەحمەد بەڕەحمەت بێت، دێت ووتەی زانایان‌و باوەر بەخوا پێشكەش بە لاوان دەكات، دواتر نامیلكەی خوا لە ڕوانگەی زانستیەوە ئاڕاستە دەكات، كە بەم شێوەیە بە لاوان‌و ڕۆشنبیرانی كورد دەگەیەنێت، ئەو ئایینەی ئەوان كە وا خەریكە پشتی لیٚ هەڵدەكەن، یەك پارچە بریتیە لە زانست‌و زانیاری، ئەوانەی كە ئەمڕۆ بەناوی كۆمەڵێك زاناو داناو فەیلەسوفەوە قسە دەكەن‌و دەیانەوێت وا پیشانی خەڵكی بدەن كە زانست‌و ئایین دوو شتی تەریبن‌و قەد بە یەكتر ناگەن، یان بە واتایەكی‌تر زانست لە دۆڵێكدایەو ئایین لە دۆڵێكی تر. بەلاٚم مامۆستای ڕەحمەتی ئەم دوو چەمكە لە یەك چەمكدا كۆ دەكاتەوەو وەك مامۆستایەكی ئارام‌و بە ویقار دەیسەلمێنیٚ كە ئایین‌و زانست دوو شتن قەد لە یەكتر جیا نابن‌و كەسیش ناتوانێت لە یەكتریان جیا بكاتەوە .

**قۆناغی دووەم** : مامۆستا ئەحمەدبە ڕەحمەت بێت پاش ئەوەی كلیلی مێشكی لاوان‌و ڕۆشنبیران دەكاتەوە، ئینجا دێتە سەر ناساندنی چەمكە ئیسلامیەكان‌و كتێبی خوا پەرستی لە ئیسلامداو سەربەستی لە ئیسلامداو پەروەردە لە ئیسلامدا لە چاپ دەدات، تاوەكو ڕێگای ئیسلامیانەی كە ماوەیەكی دوورو درێژە لە بیرو هزری لاواندا نەماون یان كەم بۆتەوە، جارێكی تر ئاشنا بكاتەوە . لەگەڵ ناسینی چەمكەكانی خواپەرستیدا، ئەوەش شارەزا بن كە ئەم ئایینە ئاینی سەربەستییەو یاساو ڕێساكانی نابنە بار بەسەر پشتی كۆمەڵگەوە بەڵكو هەڵقوڵاوی كۆمەڵ‌و كۆمەڵگەن، لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا پڕاوپڕ گونجاون‌و لە دوا بەشی ئەم قۆناغەدا مامۆستای ڕەحمەتی مەنهەجێكی زانستی بۆ پێگەیاندن‌و تێگەیاندنی كۆمەڵگەو قۆناغە پەروەردەییەكانی پێشكەش دەكات لە چوارچێوەی پەروەردە لە ئیسلامدا .

**قۆناغی سێیەم** : لە دوای ئەوەی بەردی ڕۆشنبیریی‌و دواتریش بەردی بناغەی كۆمەڵگایەكی ئیسلامی دادەنێت. دێت ڕێچكەو ڕێبازە سەرلێشێوێنەرەكان پێناسە دەكات‌و كتێبی چارەنووسی ستەمكاران (دوا ڕۆژی ستەمكاران لەئیسلامدا)و دواتریش كورتە باسێك بۆ ناسینی شیوعیەت پێشكەش دەكات كە بە داخەوە لە كات‌و ساتی خۆیاندا، لەبەر ئالۆزی باری ناوچەكەو هەنگاوەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی جەنابی مامۆستا لەگەڵ ستەمكارانی سەردەمدا بواری لە چاپدانیان نابێت، بەڵكو یەكێك لەو كتێبانە كە



جەنابی مامۆستا پێش نوێژو وتاربێژی مزگەوتی گەورەی سیروان - ساڵەكانی 1980

بەرهەمی شەونخونی چەندین شەوانی مامۆستا بووە لە چاپخانە مۆری قەدەغەکردنی پێدا دەنرێتو هەوڵی دەستگیر کردنی خۆشی دەدرێت .

**قۆناغی چوارەم** : لەم قۆناغەدا لە دوای ئەوەی مامۆستا ڕێگاو ڕێبازەکان نیشان دەداتو قۆناغەکانی پەروەردەیی ئیسلامی نیشان دەدات، پاشان مامۆستا ئەحمەدی ڕەحمەتی دێتە سەر قۆناغێکی تر لە قۆناغەکانی پەروەردەو کتێبی جیهاد لە ئیسلامدا دەنوسێ ئەمەش بۆ ئەوە بووە بە لاوان بسەلمێنێ کە ئەم دینەی ئێمە دینێك نیە پشت لە گەلو نیشتیمان بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە دینی پارێزگاری کردنە لە کەرامەتو خاكو نیشتیمان، ڕێبازێکی نوێ نیشانی لاوانو ڕۆشنبیران دەدات کە ئەو ڕێبازە ئیسلامییە بکەنە مەشخەڵی ڕێیان بۆ دەربازکردنی میللەتەکەمانو نیشتیمانەکەمان لە چنگو ستەمی ستەمکارانو دواتریش بەڕێزی لە دوای ڕۆشنکردنەوەو چاندنی بیری جیهاد دێت شێوازو ڕێگاکانی سیاسەتی ئیسلامیی نیشان دەدات بە نوسینی ڕامیاریی لە ئیسلامدا .

**قۆناغی پێنجەم** : ئەم قۆناغە زیاتر کاتێك دەست پێ دەکات کە جەنابی مامۆستا بە ڕەحمەت بێ ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێ دابوو ماوەی زیاتر لە (5) ساڵ بوو بە کردار جێبەجێی دەکردو چەکی جیهادو تێکۆشانی لە شان کردبوو، لە دوای ڕاپەرینو لە گۆڕنانی دیکتاتۆریەت لە کوردستاندا، هەنگاوەکانی نزیك بوونەوە بۆ دروست کردنی قۆناغی بە دەوڵەتی بوونی کورد، جەنابی مامۆستا دروشمی دەبێت کوردیش وەك گەلانی دونیا خاوەنی کیانو قەوارەو دەوڵەتی خۆی بێت، بەم شێوەیە قۆناغەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنی ساڵی 1992 دەستی پێ کردو سەرەڕای ئەم قۆناغە پڕ لە هەستیارەش جەنابی مامۆستا وەك خەمخۆرێك بۆ موسوڵمانان تاوەکو زیاتر پەروەردە وەربگرنو بەرچاویان ڕۆشن بکاتەوەو هات فەتوای نوێی بۆ دەرکردن، تاوەکو بە پێی پرەنسیپە ئیسلامیەکان بەشداری هەڵبژاردن بکەنو دەنگەکانی خۆیانو متمانەی خۆیان بدەن بە وانەی کە ئامادە نین خیانەت لە ئایینو نیشتیمانی کورد بکەن .

**قۆناغی شەشەم** : کاتێك لە لایەن عەلمانیەتی کوردیەوە کۆمەڵێك زاراوەو کێشە هێنرانە ئاراوە، جەنابی مامۆستا خوای گەورە پلەی بەرز بکات وەك پسپۆڕێکی پەروەردەیی جارێکی تر مەیدانی ململانێی نێوان ئیسلامو عەلمانیەت چۆڵ ناکات بەڵکو بە پێچەوانەوە سەنگەرێکی گەورەو مەحکەم دروست دەکاتو بە گژ دوژمنانی دینو ڕەوشتی گەلەکەماندا دەچێتەوەو کۆمەڵێك فەتوای هاوچەرخ دەردەکات وەك فەتوای ئیسلامو پەرلەمانو هەڵبژاردنو ڕێزی بەیعەت لە ئیسلامداو دیاری کردنی چارەنووسی ئەو ژنانەی کە ماوەی چەندین ساڵە پیاوەکانیان بێ سەروشوێن کراونو دواتر مافی ئافرەتانو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بارو گوزەرانی ژنانەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیدا

قۆناغی حەوتەم: وەخیتامووالمیسکی مامۆستای ڕەحمەتی دێت و ئەوماوەی کە لەژیانی ماوە ، بەشەوورۆژەوە تەرخان دەکات بۆ نوسینەوەی تەفسیری قورئانی پیروز، تاوەکو بەتەواوی ئەو قۆناغە پەروەردەییانەی کەهەن و لەئیسلامدا داکۆکیان لەسەر کراوە جێ بەجێ بکات و جێگای گلەیی بۆ کەس بەجێ نەهێڵێ تا لەقیامەتدا پێی بڵێن ئێوە خاوەن زانست و زانیاری بوون بۆ وەك پێویست بنەماکانی ئیسلامتان بە ئێمە ڕانەگەیاند. بۆچی ئێمەتان وەك ئەوەی ئیسلام داوای کردووە پەروەردە نەکردووە . ئەوەتا مامۆستا بەسەری بەرزەوەو بەڕوویەکی سورەوە دێتە گۆو دەفەرموێ ئەوە وتارەکانم ،ئەوە فتواکانم ، ئەوە نوسین و کتێبەکانم . بەڵام ئەوی هەمیشە لای ئێمە جێگای نیگەرانیمانە ئەوەیە کە جەنابی مامۆستا خوای گەورە باشتر دەزانی مردن موڵەتی نەدایە تەنها بۆ جارێکیش چاوێك بە لاپەرەکانی ئەو تەفسیرە پیرۆزەدا بگێڕێ . ئەمانەی کە باسمان کردن تەنها بریتی بوون لە گەشتێکی خێرا بەناو لاپەڕە پڕ لە سەروەریەکانی جەنابی مامۆستا ئەحمەددا، ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت، ئێستاش کە لە دووەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی ئەو جوامێرەداین، داواکارین لە خوای گەورە هەوڵو شەونخونیو جیهادو ماندووبونەکانی لێ قەبووڵ کردبێو گۆڕی پیرۆزی پڕ بێت لە نوری خواییو بە بەهەشتی بەرین شاد بوو بێت ... انشاءالله . ...

**هەینی 2009/1/23.**